# Tekoshan No.207

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانیی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com    کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com    Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz    Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩    ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤    Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨    کۆرِك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩    ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١    pewandi_hawler@yahoo.com

24th Year Nomber ((207)) 1of Bafranbar 2708 Kurdish Colemdar falling no 1387 Hijri I Falling 21th December 2008


## هێرشی هێزە ئەمنیەتیەکانی رژێم بۆسەر ناوەندی مافی مرۆڤ لەتاران



بەپێی راپۆرتی هەواڵدەری فەرانسە ، هێزەکانی ئەمنیەتی رژێم هێرشیان کردۆتە سەر دەفتەری شیرینی عیبادی، براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل و بنکەکەیان داخستووە. نێرگسی محمدی یەکێك لە بەرپرسانی کانونی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەتاران بە هەواڵدەری فەرانسەی گووت: پۆلیس و هێزە نەهێنیەکان دوای هاتنە ناو دەفتەری کانون ئەو شوێنەیان پشکنیوە. هێندێك لە چالاکانی مافی مرۆڤ لەتاران گوتیان هێزەکانی رژێم لەو کەسانەیان داوە کە لەو ناوەندە بوون. بە پێی ووتەی خانمی محمدی، هێزەکانی رژێم دەفتەری کۆگای داکۆکیکارانی مافی مرۆڤیان داخستووە.

## مامۆستایێکی بیرکاری بەتاوانی کوشتنی خوێندەوانێکی یازدە ساڵە دادگایی دەکرێ

مامۆستاییێك بە هۆی ئەنجام نەدانی دەرسی بیرکاری لەقوتابیەکی دا کە لێدانەکەی بووە هۆی مەرگی خوێندکارە ١١ ساڵەکە.

مامۆستا هشام نبیل عبدالحمید کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، قوتابی ئیسلام عومەر بەدری لە کەلاس بردە دەرێ و چەندین جار بە خەتکێش(راستە) لەسکی ناوبراوی دا و لەئاکام دا ئیسلام عومەر لەهۆش خۆی دەچێ و دەگوازرێتە بۆ نەخۆشخانە و لەوێ بە هۆی سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد. ئەو روداوە لەمانگی ئۆکتوبر لەقوتابخانەی سعد لەشاری ئەسکەندەریە رووی داوە کە کاردانەوەی توندی خەڵکی میسری بەدواوە بووە و بریارە وەزیری پەروەردەی میسر وەك شاهید لەدادگا ئامادە بێ. باوکی منداڵە ١١ ساڵەکە دەڵێ، تەنیا نابێ مامۆستاکە دادگایی بکرێ بەڵکو کەسانی تریش لەو روداوە بەرپرسن. ناوبراو دەڵێ کێشەکە لەوەدایە کە بەرپرسان ناتوانن مامۆستای باش دابین بکەن. هەروەها گووتی وەزیری پەروەردەی میسر، یەکەمین کەسە کە دەبێ دادگایی بکرێ، لەبەر ئەوەی رێگەی داوە کەسێکی گەنج دەرس بە منداڵان بڵێتەوە.

## ووتەی بەنرخ

**لە دەوری یەك کۆبوونەوە سەرەتاییێکە.**

**لە دەوری یەك مانەوە پێشکەوتنێکە و لەگەڵ یەکتر کارکردن، سەرکەوتنێکە. (پرمودابترا)**

**پوولێ تواناى جولاْن، بیرکردنەوە یان قسە کردنی نیە، بەڵام دەتوانێ دەنگی هەر کەسێك ئەوی دەوێ ببیستی. (ناپلوئون هیل)**

**نهێنی شادی و بەرەوپێش چوون هەڵسووڕانە. بنەڕەتی هەڵسووڕانی بەردەوام، ئێمە لە پەراوێز بوون دوور دەخاتەوە و هانمان دەدا بۆ مەیدانی هەڵسووڕان و چالاکی. (ئەندرۆ مەتیووس)**

## پەیکەری شاخەوانی ناوداری کورد محەممەد هەوراز لە شاری سنە دانرا

بە دەستەکانی بە توانای هونەرمەندی پەیکەر تاشی کورد هادی زیائەدینی، پەیکەری شاخەوانی ناوداری کورد محەممەد هەوراز لە شاری سنە دانرا، دوای هەوڵ و تەقەلای دەستەیێکی زۆر لە روناکبیرانی شاری سنە لە رۆژانی رابردوو پەیکەری شاخەوانی ناودای کورد محەممەد هەوراز کە بە دەستە بە هێزەکانی پەیکەرتاشی ناسراو، هادی زیائەدینی ساز کراوە لە شاری سنە دانرا.

محەممەد هەوراز ساڵی ١٣٤٨ ی هەتاوی لە دایك بووە و لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە دەستی بە وەرزشی شاخەوانی کرد. دوای بوون بە ئەندامی دەستەی شاخەوانی نەتەوەیی ئێران چووەتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە چیا هەرە بەرزەکانی جیهان و لە ناویاندا ئێڤرست، بەرزترین کێوی جیهان. محەممەد هەراز ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، کاتێك لە گەڵ



شاخەوانی خوالێخۆشبوی کورد موقبیل هونەرپەژوو ویستی کێوی گاشێربروومی ووڵاتی پاکستان ببەزێنێت کەوتە بن رەهێڵەی رِنووی بەفر و دوای چەندین روژ مانەوە لە نەخوشخانە کانی پاکستان، گیانی لە دستدا.

لەو کاتەوە محەممەد بۆتە سەمبولی قارەمانی و کەسایەتی بۆ لاوانی کورد لە کودستانی ئێران و ئەم پێزانینە بە دانانی پەیکەری ئەم قارەمانە لە شاری سنە بوو بە هۆی دڵخۆشی خەڵکی ئەم شارە سەربەرزە.

## چەگورا لە سەر پەردەی زێرین گەیشتە ئەمریکا




فیلمی چەگوارا "چە" نوێ ترین کاری سینەمایی (ئەستیون سودربێرگ) دەرهێنەر و فیلمسازی ئەمریکایی کە لە سەر ژیان و شێوەی مەرگی چەگوارا، شۆرشگێری ئەمریکای باشوور، بۆ ماوەی حەوتوویێك لە سینەماکانی شارەکانی لۆس ئەنجلێس و نیۆیۆرك نیشان درا.

بلیتی فیلمی نوێ چەگوارا لە یەکەمین جاری نیشان دانی لە نیۆیۆرك و لۆس ئەنجلێس بە گرانی دەست دەکەوت، کە لە ماوەی دوو رۆژی کۆتایی حەوتوو زیاتر لە ٦٠ ملوێن دۆلاری لێ فرۆشرا.

لە شەوی یەکەمی کرانەوەی فیلمی چەگوارا ئیستیۆن سۆدربێرك، دەرهێنەری فیلمەکە لە پێوەند بە هەڵبژاردنی بەشێك لە ژیانی چەگوارا گووتی: چەگوارا کەسێکی چالاك بوو. من پێم باش بوو ماوەیێکی کورت لە ژیانی ئەو بە ووردەکاری زیاتر نیشان بدەم تا ئەوەی تێکرِای ژیانی نیشان بدەم بە بێ ووردەکاری.

فیلم نامەی چەگوارا لە سەر کتێبە جیاجیاکان، لەوانە کتێبی بیرەوەریەکانی چەگوارا لە ماوەی ١٥ ساڵ دا نووسراوە. هونەر پیشەکانی فیلمی چەگوارا، بۆ یەکەم جار شەش حەوتوو لە کوبا بوون و بۆ جارێکی دیکە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دارستانەکانی کوبا فیلمبەرداریان کردوە.

بنیسوتۆرە، کە لە فیلمەکەدا نواندنی چەگوارای پێ دراوە، بە رای ناوەندە هونەریەکان ئەگەری ئەوە هەیە خەڵاتی ئوسکاری نەخشی یەکەم پیاو بەرێتەوە، لە مەرِ سەختی و کەند و کۆسپەکان لە نواندنی کەسایەتی مێژویی چەگوارا بە رادوێ فەردای گووت: نواندن لە جێگەی کەسایەتییێکی راستینی دەبێتە هۆی تەگەرە و سنووردار بوون بۆ هونەرمەند.

❊❊❊

## کۆبوونەوەی وەڵاتانی ١+٥ لەگەڵ وەڵاتانی عەرەبی لە نیۆیۆرك

### سارۆ

بۆ یەکەمین جار لە شاری نیۆیۆرك کۆبوونەوەیێك لە نێوان وەڵاتانی ناسراو بە ١+٥، کە بریتین لە ئەمریکا، روسیە، چین، فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان، لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ژمارەیێك لە وەڵاتانی عەرەب رۆژی سێ شەممە ٢٦ی سەرماوەز لە سەر گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئاخوندی ئێران بەرێوەچوو.

دوا بە دوای کۆبوونەوەکە، ئاخوند خامنەیی رێبەری رژیمی ئاخوندی رەخنەی لەو کۆبوونەوە گرت، هەروەها نوێنەری رژیم لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کۆبوونەوەی بە نا پێویست ناوبرد.

هەر لە دوای کۆبەوونەوەکە کۆندلیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی چەند وەڵاتی عەرەبی لە بەردەم هەواڵنێران رایگەیاند: تێکرِای وەڵاتانی بەشداری کۆبوونەوەی رۆژی سێ شەممە نیگەرانی و مەترسی خۆیان لە گەڵاڵەی ناوکەیی رژیمی ئاخوندی رِاگەیاندوە. هەروەها ئەوەی ئاشکرا کرد کە وەڵاتانی بەشدار بووی کۆبوونەوەکە، داوایان کردوە، کۆبوونەوە و رِاگۆرِینەوەکان لە داهاتوودا بەردەوام بن.

ئەگەر چی کۆبوونەوەی نیۆیۆرك غەیرە رەسمی بووە و ئەوەی لە ئاکامەکەی رِاگەیێندراوە و ئاشکرا کراوە، وەڵاتانی بەشدار داوایان کردوە هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە زیاتر بکەن، بەڵام ئەگەر ئەوەش مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوەکە بووبێ بێ گوومان هاتنە مەیدانی هەولێ نوێی جیهانی نیشانەی یەکگرتوویێکی زیاتر لە نێوان وەڵاتانی خاوەن هێز و وەڵاتانی عەرەب لە پێوەند بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیم دەردەخا.

دیارە نیگەرانی وەڵاتانی عەرەب تەنیا لە گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئاخوندی سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو دەست تێوەردانەکانی ئاخوندان لە کار و باری ناوخۆیی وەڵاتانی عەرەب، بەتایبەت وەڵاتانی کەنداو رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ کە هەر لە پێوەند بە دەست تێوەردانەکانی رژیم لە کاروباری وەڵاتانی ئیسلامی و عەرەب، ئەحمەد ئەبولغەیس وەزیری دەرەوەی میسر بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی رژیمی ئێران راگەیاند و ئاشکرای کرد، ئەو رژیمە بە ناوی هاوکاری کردنی فلستینیەکان، دەست لە کار و باری فلستین وەردەدا و هەروەها لە هەوڵ دایە بیر و رِای تایبەتی خۆی لە ناوچەکە پەرە پێ بدا و بە گشتی ئەو رژیمە مەبەستیەتی دەست بە سەر خۆرهەڵاتی ناوەراستدا بگرێ.

هەر لە پێوەند بە نیگەرانی لە بەرانبەر رژیمی ئێران، وەڵاتانی عەرەبی ناوچەی کەنداوی فارس مەبەستیانە سپەری دیفاعی مووشەکی لە ئەمریکا وەرگرن، هەروەها دەوڵەتی ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، گەڵاڵەی بۆ دروست کردنی دامەزراوەی ئەتۆمی هەیە کە لەو پێوەندەدا فەرانسە و ئەمریکا هاوکاری دەکەن کە ئەو برِیارەی ئەمارات کاردانەوەیە لە بەرانبەر گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیم.

گوومان لەوەدا نیە رژیمی ئاخوندی بەشی سەرەکی لە داهاتی خەڵکی ئێران لە دەست وەردان لە کار و باری ناوخۆیی وەڵاتانی جیهان و پێك هێنانی دەستە و تاقمی ئاژاوەگێرِ خەرج دەکا و تا ئێستاش دەیان دەستە و تاقمی سەر بە رژیمی ئێران لە وەڵاتانی کەنداو گیراون و ئاشکرا بوون. بۆیە جێگەی خۆیەتی وەڵاتانی کەنداو لە رژیمی ئاخوندی و سیاسەتەکانی بترسن، و لە هەولێ ئەوەدا بن کۆدەنگی جیهانی بۆ پشتیوانی لە خۆیان وەدەست بێنن و پشتیوانی لە هەر هەولێکی جیهانیش بۆ بەرەورووبوونەوەی رژیم بکەن.

دیارە مەترسی سەرەکی و یەکەمی رژیم وەك دەرکەوتووە بۆ وەڵاتانی عەرەبی لە کەنداوی فارسە و هەرِەشەی فەرماندەی هێزە سەربازیەکانی رژیم کە ناراستەوخۆ وەڵاتانی کەنداویان مەبەستە و پیلانەکان و ئاژاوەگێرِیەکانیان دەستە و تاقمەکانی سەروە رژیمی ئێران لە وەڵاتانی کەنداو ئەو راستیە بە باشی ئاشکرا دەکا.

بەو پێ یە، دەبێ چاوەرِوان بین هاوکاری وەڵاتانی عەرەبی بە تێکرِاو وەڵاتانی عەرەب لە کەنداوی فارس لەگەڵ ئەمریکا و وەڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی زیاتر پەرە بستێنێ و تەنانەت سەر بکێشێ بۆ نزیکی و هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل.

❊❊❊